ئێران.. ئاگر وەستێکەمان پێلکێشی ململانێ بکرێت هەرش دەکەینە سەر ناوەندە سەربازییەکانی ئەمریکا

ئەمڕۆ چوارشەممە،عەزیز ناسرزادە وەزیری بەرگری ئێران هەڕەشەی کرد کە بنکەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتە ئامانج لەگەڵ ئەگەری ڕودانی ململانێ، لە کاتکدا ئامادەکارییەکان بۆ خولی نوێی دانوستانەی ئەتۆمییەکان لە ئارادایە.

عەزیز ناسرزادە، وەک هەڕەشەکانی ئەمریکای دایەوە کە ئەگەر دانوستانەکان شکستیان هێنا، هەنگاوی سەربازی دەگرنەبەر و وتی، "هیوادارین دانوستانەکان بگەنە ئەنجام، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕوونەدات و ململانێیەك بە زێر بەسەرماندا بسەپێندرێت، گومانی تێدا نییە کە بە دڵنیاییەوە زیانەکانی لایەنی بەرامبەر زێر لە زیانەکانی ئێمەی گەورەتر دەبێت".

ڕوتیشی، "ئێمەی توانای گەیشتن بە هەمو بنکەکانی ئەمریکامان هەیە، بۆ دودڵی هەمویان دەکەینە ئامانج لەو وڵاتانی میواندارین، لەم حاڵەتەدا ئەمریکا ناچار دەبێت ناوچەکە بەجێبهێڵێت".